www.kurdistannet.org
19-11-2007 16:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی بەتین لەبەینی کوردستانیانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێویستە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان هەبێت هەروەکو چۆن لەزۆربەی وڵاتاندا هەیە. (ئیمیگرانتس مینیستر)... تاهیرساڵەیی**



هەروەکو لای هەموولایەک ئاشکرایە ڕەوەندی کورد لەدەرەوەی وڵات کاریگەری و ڕەنگدانەوی "پۆزەتیڤانەی" زۆری هەبووە لەسەر گۆڕانکاریەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەڕووی ئازادی و بەرەوپێشبردنی زانست و پێکەوە ژیان و هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و نەتەوەی و پاراستنی یەکریزی و دروستکردنی "لۆبی" کوردی و پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتانەی لێیی ژیان بەسەردەبەن وەهەروەها ناساندنی مافە ڕەوەکانمان بەجیهان و پەیداکردنی دۆست و بوژانەوەی ژێرخانی کوردستان و ناساندنی کەلتور و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بەجیهانی دەرەوە.
بوونی وەزارەتێک بۆ ڕەوەندی کورد لەدەرەوەی وڵات بۆ هاوکاری و هاریکاری لەچۆنیەتی بەرەوپێش چوون و تێکەڵبوون و دروستکردنی پەیوەندی زیاتر بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکا زەروریەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهەمانکاتیشدا بۆ لەنزیکەوە گوێگرتن لەکێشەو پێشنیار و خواستەکانی کوردی دەرەوە بەتایبەتی گەنجان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەوا جێی داخە ئەو گەنجانەی ئیمڕۆ گەیشتوونەتە هەڕەتی لاوێتی لەسەردەمێکی دژوارو ناخۆشدا چاویان هەڵهێناوە و شەڕی ناوخۆ کاریگەری و دەرئەنجامی خەراپی هەبووە لەسەر ژیانی خۆیان و کەسوکاریان، لەلایەکی تروە لەبەر گرانی بژێووی ژیانی خۆیان و خانەوادەکانیان نەیان توانیووە وەکو پێویست بگەنە ئاستی بەرزی خوێندن هەر بۆیەش کاتێ هاتوونەتە دەرەوەی وڵات تووشی زۆر کێشەو گرفت و کاری خەراپ بوون و ناڕەحەتی و ناسەقامگیری ژیانیان بۆ درووست بووە (لە گرتووخانەکانی بەریتانیا بەدەیان کورد لەزیندان و لەژێر باری غوربەت ژیان بەسەردەبەن) یان بەدەست بێ وەڵامی مافی پەنابەری تووشی خەراپی باری دەروون و گرفتی جۆراو جۆر بوون.
لەلایەکی ترەوە ئەو کەسایەتیە پسپۆڕ و بەتوانایانەی هەڵکەوتوون کەوا گەیشتوونەتە پێگەیەکی بەرزی پێشکەوتن و بەئەستێرەی کوردستان دەژمێردرێن ئەگەر پشتیوانی زیاتر و لەنزیکەوە هاوکاری بکرێن بەدڵنیاییەوە لەوەزیاتر پێشدەکەون و وێنەشیان زۆر دەبێت.
لەکۆتاییدا ئەوەندە ئەڵێم جیهان گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و سەردەمی شەڕی ساردە، کوردی دەرەوە کاریگەری ئەوتۆی هەیە بۆ پێشهات و ڕووداوەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستانیش چاویان بڕیوەتە هەڵوێستیان (نموونەش دژی لەشکرکێشی تورکیا نارەزای دەربڕین لەزۆربەی وڵاتان ئەنجام درا و زەنگێکی گەورەبوو بۆ تورکیا کەوا ئەو ڕۆژە نەماوە بێ سێ و دوو ئارامی و سەقامگیری کوردستان تێک بدات) هەڵبەتا ئەم بابەتە باسێکی زۆری ئەوێت بەڵام وەزارەتێک بۆ ڕەوەندی کورد لەدەرەوە بەدڵنیاییەوە ئەبێتە پردێکی بەتینی پەیوەندی لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان لەبەینی کوردستان و جیهانی دەرەوە.
لەگەڵ ڕێزم

17112007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.